# چالاکیەکانی ڕێکخراوی فنلاندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق لە یەکی ئایاری ئەمساڵدا

بۆ ڕێزگرتن لە یەکی ئایاری هاورێیانی ڕێکخراوی فنلاندای هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران –حیکمەتیست لە دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکی ئایاردا بەشداریان کرد و لەسەر چۆنیەتی ڕێزگرتن لەو ڕۆژە بەشداری قسەوباسەکانیان کرد. هەروەها پەیامی تەشکیلاتی فنلاندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بە زمانی فنلاندی ئامادەی ئەو ڕۆژە کرا.

لە ڕۆژی یەکی ئایاردا تەشکیلاتی هەردوو حیزب چوونە ریزی مارشی یەکی ئایارەوە وسەرەڕای بڵاوکردنەوەی پەیامی تەشکیلاتی حیزب، ئەم لافیتە و شیعارانەیان بەدەستەوە بوو: بژی یەکی ئایار ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار، فەیلەسووفەکان تا ئیستا تەفسیری جیهانیان کردوە بەڵام قسە لەسەر گۆڕینێتی (مارکس)، بناغەی سۆشیالیزم ئینسانە وسۆشیالیزم بزووتنەوەی گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان (منصور حکمت)، پۆستەرێك کە کورەیِ زەوی بەرگی کرێکاری لەبەر کردوە و لە ژێرەوەی نووسراوە کرێکارانی جیهان یەکگرن!. پێش دەست پێکردنی مارشەکە و کاتێك هەموو لایەن و کەسیاتیەکان کۆبوونەوە بۆ دەست پێکردنی مارشەکە هاورێ جمال صالح بە نوێنەرایەتی هەردوو حیزبی عیراق وئێران–حیکمەتیست قسەوباسی پێشکەش بەو کۆبوونەوەیە کرد کە ئەمەی خوارەوە پوختەی بەشێك لە قسەوباسەکەیە:

کرێکاران و هاورێیان!

پیرۆزبایی یەکی ئایار لە هەمووتان دەکەم, ئەم ڕۆژە جیهانیە کە تێیدا کرێکاران لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ئیرادەی خۆیان پیشاندا و بە بورجوازی جیهانیان سەلماند کە چینی کرێکار چەرخی بەرهەم هێنانی بەدەستە و هەر کاتێك ئیرادە بکات و هێزی یەکگرتووی خۆی پیشان بدات دەتوانێت دەستی بورجوازی لە دواوە ببەستێ. بەداخەوە لە فنلاندا ئەم ڕۆژەیان تێکەڵ بە ڕۆژی خوێندکاران کردوە، تەنانەت کلێساییەکانیش مەراسمی خۆیان لەم ڕۆژەدا دەگرن و خەلکی هاندەدەن کە وەك ڕۆژێکی پشووی ئاسایی چاوی لێ بکەن ومیدیای سەرتاسەریش بەهەموو ئیمکانیەتیوە هەوڵی بەلارێدا بردنی دەدات و لە بیری خەلکی دەباتەوە کە ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی خەباتگێرانەی چینی کرێکارە.

هاورێیان! یەکی ئایار ڕۆژێکی جیهانیە و لە هەموو جیهاندا کرێکاران یادی دەکەنەوە تەنانەت لە ناو شاری بەغدای پر لە ئاگر و تیرۆری ئیسلامی دا کرێکاران دێنە سەر جادەکان و مارشی خۆیان دەگێڕن، لە ئێرانی ژێردەستی دەسەلاتی رەشی ئیسلامیدا کرێکاران لە زۆربەی شار و شوێنە پیشەسازیەکان تەحەدای دارو دەستەی ئیسلامی و بورجوازی سەرکوتکەری ئیسلامی دەکەن و جەژنی خۆیان دەگرن و داخوازیەکانی خۆیان دەدەن بە رووی کارفەرماکانیاندا.

دەبا ئەم ڕۆژە بەرز راگرین و رەنگ و خەسلەتی خەباتگێرانەی بپارێزین و بەهێزی بکەین، لە مارشی ئەم ساڵماندا بۆ جارێکی تر بەدەنگی بەرز دەلێین بژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و دەبێ بە هێز وبازوومان ئەم دنیا سەرەو ژوورە بخەینەوە سەر پێی خۆی.

بەرز وبەرێز بێت یەکی ئایار و بژی چینی کرێکار بۆ دروست کردنی دنیایەکی باشتر.

دواتر لە مارشی یەکی ئایاردا کە لە ناوەراستی شاری هلسنکیەوە بەرەو مەیدانێکی گەورەی دیکە بەناوی هاکانیمی بەرێ کەوت، هاورییانمان کە لافیتەکانیان بەدەستەوە بوو لە ڕێزی مارشەکەدا بەشداری یان کرد.

لە مەیدانی گەورەی هاکاذیەمیدا کە هەموو ساڵێك مەراسمی سەرەکی شاری هلسینکی تێدا دەگیرێ وە خەلکێکی ئیجگار زۆر تێیدا کۆ دەبێتەوە، ریکخراوی حیزب چادرێکی تەبلیغی و مێزکتابی تێدا دانا، کە شیعارەکانی حیزبی پیوە

**هەلواسرابوو وە بلاوكراوە و راگەیاندنی یەكی ئایاری حیزب بە سێ زمان دانرابوون و ئەوراقی تەبلیغیەكانی هەردوو حیزبی لێ بلاوكرایەوە.**

**لە میزكتێبەكەی حیزبدا نووسراوەكانی حیزب و بلاوكراوەكانی بەتایبەت ئەوانەی كە بە زمانی ئینگلیزی وفنلاندی بوون دانرابوون، لەوانە بلاوكراوەكی حیزبی بەزمانی فنلاندی تایبەت بە یەكی ئایار كە لەلایەن هاورێ بنارەوە ئامادە كرابوو هەروەها نامیلكەیەكی دیكەش هەر بەزمانی فنلاندی كە سێ باس لە باسەكانی منصور حكمتی تێدا بوو.**

**هاوریيانی حیزب تا تەواو بوونی كاتی مەراسمەكان و كۆبوونەوەكان لەو مەیدانەدا مانەوە و لەگەل ژمارەیەكی زۆر لە خەلكی قسەو باسیان كرد و بلاوكراوەكانیان گەیاندە دەستیان. هەروەها وەك كاری ئینتفاعیش خواردنیان فرۆشت.**

**لە شاری لاهتیش هاوریانی حیزب بەهەمان شێوە لە رۆژی یەكی ئایاردا پەیامی تەشكیلاتی فنلاندی حیزبیان بلاٌوكردەوە و لە مارشی یەكی ئایاری چەپەكاندا بەشداریان كرد و هاورێ ئیراهیم حسین پەیامی تەشكیلاتی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە. هەروەها لە ناوەراستی شاریشدا چادرێكی تەبلیغیان دانا كە بە شیعارەكانی حیزبەوە رازێنرابووە و مێز كتێبیان لێ دانا وتەواوی ئەو بلاوكراوە و نووسراوانەی حیزب كە لە شاری هیلسینكی لە میز كتێبدا دانرابوون لێرەش هاورێیان دایان نابوو، لەناو لافیتەی و شیعارەكاندا ئەم لافیتانە بەدەوری چادرەكاندا هەڵواسرابوون: نا بۆ ئەمریما نا بۆ ئیسلامی سیاسی بژی جمهوری سۆسیالیستی ......، بژی یەكی ئایار جەژنی جیهانی چینی كریكار.**

**هاورێیانی شاری لاهتیش تا كۆتایی مەراسم و كۆرو كۆمەلی خەلكەكە لە مەیدانی شاردا مانەوە و لەگەڵ ژمارەیەكی بەرچاو لە خەلكی شار و هەڵسووراوانی سیاسی قسەوباسیان كرد.**

**ریكخراوی فنلاندی حزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراق**

2005/5/1

بۆ بینینی وێنەكان كلیكی ئێرە بكە